شیعر



بورهان ئەحمەد

# وەسیێتەکانی گەنم

تا گەنم مەرگی خۆی نەبینێ
تاکو تەرمی خۆی
بە دەست خۆی نەنێژێ
تاکو خاک و خۆڵ، کفنی نەدوورێ
تا شین بوون تەڵقینی نەخوێنێ
مامز و باڵندە
ناچنە ئاهەنگی پێکەنینەوە
کاریلە و بەرخۆلان
بەشداریی مەراسیمی خەندە ناکەن
سفرەکان هەر دەبێ لە رەنگ و لە بۆن
لە گوڵ و قاقا خاڵی بن
هەژاران هەر دەبێ برسی بن
دوای ئەوەی باڵندە
باڵەکانی لە خۆی تۆراند



بۆ ئەوەی لەگەڵ فڕیندا ئاشتبێتەوە
بۆ ئەوەی سەرلەنوێ
ئاسۆی لێوە دیار بێ
پێویستە نزای خۆی
بگەیەنێتەوە لای هەور
دەبێ لە ئەستێرەکان بپاڕێتەوە
هەر دەبێ بچێتەوە ژووانی گەنم
عەشقەکەی گەنم
ئەوەندە خەم پۆشە
بەرد ریشی بۆ بەرداوەتەوە
مانگ فێرە جگەرەکێشان کردووە
گیا و پونگەی لەسەر پێکەوە ژیان راهێنا
قەڵەم خەجاڵەت
تەرازووی تەریق کردووەتەوە
نووسین لە ئاستیا شەرمەزار بووە
ئەو عەشقە ئەوەندە جودایە
پەپوولە دەخاتە سەر خولیای شەڕانگێزی
بەزەیی بەخشیوەتە ددانەکانی پڵنگ
کۆتر رادەکێشێتە سەر مێزی تۆڵە
زۆر زوو بوو
گەنم درکی کرد
کوندەپەپوو
راهێنان لەسەر تەناف و
تەلی ستاتیکا دەکا
زۆر زوو بوو زانی
هەڵۆ لووتکەی لە خۆی رەنجاندووە

ئێستاکە نەوەکانی هەڵۆ
ناچارن بیابان بلاوێننەوە
لە چەکەرەکردنی دەنکە گەنمدا
هەستێک رووەوە
ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ
ئاشووبێ کەوتووەتە نێوان
سەوزایی و گەڵاوە
هەنووکە لە دژی کلۆرۆفیل
پیلان دەگێڕێ
لە لاسکی گوڵەگەنمدا
هەستێک شین بووە
وامان پێ دەڵێت
درەخت و چڵ و گەڵاکانی
لە خۆی زیز کرد
ئەمێستا مەجبووری سێبەر بووە
ئەڤینی گەنم
دانەوێڵەی خەیاڵ لە سەرما دەچێنێ
جەستەمی گۆڕیوەتە کێڵگەی رووناکی
لە لاپەڕەی یەکەمین رۆژی
شینبوونی گەنمدا نووسرا بوو
جووتیارەکانی ئەم وڵاتە
چاویان بڕیوەتە لووتکە
بە دۆڵەکاندا شۆڕ دەبنەوە
زەوییان فەرامۆش کردووە
لە بۆشاییی ئاسماندا
بە تەمای چاندنی دانەوێڵەی غروورن.

